# بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت / پرۆژە یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژومان کردووە، پرۆژە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان عێراق) پێشکەشی دەکەین، داواکارین بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

| ز | ناوەکان | واژوو |
|---|---|---|
| 1 | یعقوب کوریکیس یاقو | |
| 2 | زیاد حسین عبدالکریم | |
| 3 | عباس غزالی | |
| 4 | حەسەن جانگ | |
| 5 | ئاواز شێخ حسێنی | |
| 6 | فەرهاد سەنگاوی | |
| 7 | عبدالرحمن علی رضا | ٢٠١٤/١١/١٦ |
| 8 | عزیز مصطفی حمە خالد | |
| 9 | بشار مشیر ئاغا گوران | |
| 10 | خەلەف ئەحمەد | |

## بە ناوی خوای مەزن و دڵۆڤان

# بریاری ژمارە (    ) ساڵی 2014

# یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2014

# یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## دەروازەی یەکەم

## پێناسە و ئامانج و پرەنسیپە گشتیەکان

## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانج

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە واتا دیاریکراوەکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم.

**چوارەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاو لە هەرێم.

**پێنجەم:** گەنجینە: گەنجینەی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم.

**شەشەم:** سەرچاوەکانی ئاو: هەر ئاوێکی ڕۆیشتوو لە ناو سنوری هەرێم جا سەر زەوی یان ژێر زەوی بێت و ئاوی دۆڵ و شیوەکان و ئاوی قورس و ئاوەڕۆکانیش دەگرێتەوە دوای چارەسەرکردنی.

**حەوتەم:** ئاوی سەر زەوی: هەر ئاوێکی سەر زەوی هەرێم، ئاوی زێ و ڕووبارەکان و ئاوی ڕۆیشتوو و کانیاوەکان و کارێز و ئاوی کۆگا سروشتییەکان و دەستکردەکان و پۆند و ئاوی چارەسەرکراویش لەخۆ دەگرێت.

**هەشتەم:** ئاوی ژێر زەوی: ئاوی کۆگا کراو یان ڕۆیشتوو لە چینەکانی زەوی.

**نۆیەم:** حەوزی ئاوی: هەر پێوانەیەکی زەوی کە ئاوی لێهەڵدەقوڵێت و ئاوی زێ و ڕووبار و لقەکانی پێدا دەڕوات لە بنەگەی تاکو ڕێژگەی.

**دەیەم:** ناوچە ئاوییەکان: هەر بەشێك یان چەند بەشێك لە حەوزی ئاوی یان حەوزە ئاوییەکانی لەیەك چوو لە ڕووی بارودۆخی ئاوەکانیان یان وا دەخوازێت و پێویست دەکات وەك یەکەیەکی ئاوی بەڕێوە ببردێت.

**یانزەم:** بەردەوام بوونی سەرچاوەکانی ئاو: دەرهێنان و بەکار هێنانی ئاو بە برێك کە یەکسان یان کەمتر بێت لە ئاوی بەدەست هاتوو لە هەمان ساڵ و کاریگەری لەسەر جۆری ئاو بۆ ماوەکی درێژ نەبێت.

**دوانزەم:** لەبەر ڕۆیشتن: دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی بە برێك کە زیاتر بێت لەو برەی دەچێتەوە ناوی.

**سیانزەم:** کرێ یان میرانەی ئاو: هەر جۆرە میرانەیەك یان کرێیەك و تاریفەیەك کە وەربگیرێت لە جیاتی بەهای ئاوی بەکار هاتوو.

**چواردەم:** پیسبوونی ئاو: هەر گۆڕانکاریەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئاکارە سروشتی و کیمیاوی و زیندەزانی سەرچاوەکانی ئاو کە کاریگەری لەسەر تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤ و بەردەوامی ژیانی گیاندار و ڕووەکی ئاوی هەبێت.

**پانزەم:** پاراستنی ئاو: کاردانەوەی تەکنیکی و یاسایی بۆ پاراستنی ئاو لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە بەکارهێنان و بەردەستبوونی بەردەوام و ڕێگرتن لە کەمبوون و بەفیرۆدان و پیس بوونی، و بۆ چاکسازی باشتر کردنی و پێشخستنی بۆ بەکارهێنانی گشتی.

**شانزەم:** مافی سوود وەرگرتن: ئەو مافانەیە کە خاوەنەکەی سەرپشك دەکات بۆ بەکارهێنانی بڕێك ئاو بۆ مەبەستی دیاریکراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی.

**حەڤدەم:** پاشماوە: هەر ماددەیەکی ڕەق یان گازی یان کیمیاوی یان میکرۆبی یان ڤایرۆسی یان تیشکدار یان گەرمکراو کە دەبێتە پیس بوون و تێکچوونی جۆری ئاو یان کەمکردنەوەی سوودی بەکارهێنانی.

**هەژدەم:** ڕێدان: ئەو بەڵگەیە کە دەدرێتە سوودمەند لە سەرچاوەکانی ئاو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**نۆزدەم:** ئاوی چارەسەرکراو: ئەو ئاوەیە کە پاککراوەتەوە لە هەموو جۆرە ماددەیەکی نیشتوو و تواوە.

**بیستەم:** ئاوی قورس: ئەو ئاوەی بەکارهاتووە لە ماڵەکان و کارگەکانی پیشەسازی و شوێنە خزمەتگوزاریەکان کە پاشماوەی تێدا نیشتووە و تواوەتەوە.

**بیست و یەك:** دروێنەی ئاو: کۆکردنەوەی ئاوی بارانی داباریو.

**بیست و دوو:** بوژانەوەی سەرچاوەکانی ئاو: کۆمەڵە کارێکە دەبێتە هۆی باش بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو بۆ مەبەستێك یان چەند مەبەستێك و وەك باوە ئەم کارانەش زیاتر سروشتی دامەزراوەیی هەیە.

**بیست و سێ:** بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو: کارێکە دەبێتە بوژانەوەی دروستی سەرچاوە سروشتیەکانی ئاو و سەرچاوەکانی دیکەی پەیوەندیدار لە پێناو زیاترین بڕی شیاوی خۆشگوزرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی تەندروستی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کە کاریگەری نەبێت لەسەر بەردەوامی سیستەمی ژینگەیی.

## ماددەی دووەم:

ئامانج لەم یاسایە:

**یەکەم:** دەستەبەری دابینکردنی ئاوی تەندروست بۆ تاکەکان، و ئاوی پێویست و گونجاو بۆ پێویستیە بنەڕەتیەکانی ئێستاو داهاتووی مرۆڤ و کەرتەکانی بوژانەوە لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار.

**دووەم:** پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە لەبەر ڕۆیشتن و پیس بوون و خراپ بەکارهێنانی لەگەڵ زیادکردنی توانای داکردن و ڕێکخستن و کەمکردنەوەی بەکاربردنی ئاو و پاراستنی دامەزراوەکانی.

**سێیەم:** دووبارە پەیکەر ڕێژی سەرچاوەکانی ئاو و بەشداری پێکردنی بەکاربەرانی ئاو لە سەرجەم قۆناغەکان لە بوژانەوە و بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو بە پێی پێوەرە کارپێکراوەکان.

**چوارەم:** بوژانەوەی سەرتاسەری سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم.

**پێنجەم:** بەڕێوەبردنی تەواوکاری سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم لەسەر بنەمای پرەنسیپی بوژانەوەی بەردەوام.